ئەکادیمیای کوردی

KURDISH ACADEMY

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کوردی ٢٠٢٤ی زایینی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـــارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کـــوردی ٢٠٢٤ی زاییـــنی



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن کەریم

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. ساڵح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**



هەولێر - شەقامی هەڵەبجە

ISSN: 2520-4106

http;//gov.krd/ka

# گرفتە كۆمەڵایەتییەكانی گواستنەوەی گشتی لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا

## توێژینەوەیەكی شیكاریی سۆسیۆلۆجییە

پ. د. سلیم پەترۆس ئلیاس

بەشی كۆمەڵناسی، كۆلێژی ئاداب
زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر
Selim.elias@su.edu.krd

م. ی. نبز عزیز احمد.

بەشی كۆمەڵناسی، كۆلێژی ئاداب
زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر
nabaz.ahmad@su.edu.krd

**پوختە:**
گواستنەوە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و كۆمەڵگەدا لە چەندین لایەنی جیاوازەوە گرنگی و كاریگەری خۆی هەیە، وەک لایەنی كۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و تەندروستی و خزمەتگوزاری و ئابووری. خراپیی كەرتی گواستنەوەی گشتی لەوانەیە چەندین گرفتی كۆمەڵایەتیی جیاواز لەگەڵ خۆیدا دروست بكات، بۆیە ئامانجی سەرەكیی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە ڕوونكردنەوەی گرنگی سیستەمی گواستنەوە، ئەو گرفتە كۆمەڵایەتییانەی كە بەهۆی ڕەوشی گواستنەوەی گشتی دروست بوونە لە هەرێمی كوردستان، توێژینەوەكە سوود لە میتۆدی وەسفی وەرگیراوە بە ڕێگای شیكاری داتا و زانیاری ئامادە كراوە، هەروەها توێژینەوەكە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە لەوانە پرۆسەی گواستنەوە پەیوەستە بە سەرجەم سیستەمە جیاوازەكانی بونیادی كۆمەڵایەتییەوە، هەروەها جۆر و ڕێژەی ئامرازەكانی گواستنەوەی گشتی زۆر لاوازە بە بەراورد بە زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان و فراوانبوونی شارەكان، هەروەها خراپیی ڕەوشی گواستنەوەی گشتی، بۆتە هۆی ئەوەی هاووڵاتییان هەوڵی كڕینی ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان بدەن، زۆربوونی ڕووداوەكانی هاتوچۆ و پیسبوونی ژینگە.

كلیلەوشە: گواستنەوە، گواستنەوەی گشتی، گواستنەوەی تایبەت، گرفتە كۆمەڵایەتییەكان.

**پێشەکی**

سیستەمی گواستنەوە بەشێکی سەرەکییە لە پێکهاتەکانی شار و ناوەندی شار. پەیوەندیی ڕاستەوخۆشی بە پلان و نەخشەسازی شارەوە هەیە، سیستەم و سەرجەم ئامرازەکانی گواستنەوە لە شاردا هۆکار و کارئاسانییەکی گەورەن بۆ گواستنەوەی مرۆڤەکان و کەلوپەل و پێداویستییەکان ئەتوانین بڵێین نیشانەی مۆدێرنبوون و پێشکەوتنی کەرتی گواستنەوە و هاتوچۆکردنی گشتی هەر کۆمەڵگەیەکە، نیشانەی مۆدێرن بوون و پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیەش دەردەخات، لەبەر ئەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی شۆڕشی بازرگانی، دەبینین کە دروستبوونی پەیوەندی بە دۆزینەوەی ڕێگای گواستنەوەوە هەبووە، هەروەها دۆزینەوەی هەڵم و جێگرتنەوەی گواستنەوەی کلاسیك و چارۆگەیی، هۆکار و پاڵنەرێکی سەرەکی بوو لە دروستبوونی شۆڕشی پیشەسازی و ڕێنیسانسدا، هەروەها لە ئێستادا گواستنەوەی گشتی بۆتە پێکهاتە و پێویستییەکی سەرەکیی دانیشتوان بەگشتی و دانیشتووانی شارەکان بەتایبەت، بۆیە گواستنەوەی گشتی پەیوەندی بە گەشەسەندنی شاریشەوە هەیە، لە هەموو شوێنێك گواستنەوەی گشتی نییە، ئەوە شارە کە گواستنەوەی گشتی دەکاتە تایبەتمەندیی خۆی، بۆیە نەبوون، یان خراپی و دواکەوتوویی لەم کەرتەدا، کاریگەریی خراپی لە سەرجەم بوارەکانی تری ژیان دەبێت، وەك خاوکردنەوەی پێشکەوتن و گەیاندن لە کاری ئاڵوگۆڕ و بازرگانیدا، لە ئێستاشدا ئابووری و بازرگانی ڕەهەندێکی سەرەکیی ژیان پێك دەهێنن، ئەتوانین بڵێین ئەم کەرتە شادەماری پرۆسەی ئابووری و بازرگانی وڵاتە، بۆیە پشتگوێخستن و گرنگی پێ نەدانی دەرهاویشتەی خراپی خۆی لە سەرجەم بوارەکانی، ئابووری، پیشەسازی، بازرگانی، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و پەروەردەیی دەبێت. ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێك هاتووە: بەشی یەکەم ڕەهەندە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە، بەشی دووەم خستنەڕووی گرنگیی پرۆسەی گواستنەوە بۆ کۆمەڵگە و ژیانی ڕۆژانە، بەشی سێیەمیش خستنە ڕووی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی ڕەوشی گواستەوەی گشتییە.

**یەکەم: ڕەهەندە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە**

**١. پرسی سەرەکی توێژینەوەکە**

بابەت و پرسی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە دوو ڕەهەندی سەرەکییە: ئەوانیش دەرخستن و ڕاڤەکاریی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییانەیە کە بە هۆی خراپیی ڕەوشی سیستەمی گواستنەوەی گشتی لە هەرێمی کوردستان دروست بوونە، هەروەها لە لایەکی دیکەوە خستنەڕووی گرنگیی سیستەمی گواستنەوەیە بۆ کۆمەڵگە و ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان، بۆیە هەوڵ دراوە بە میتۆدی شیکاریی کۆمەڵناسییانە بابەت و پرسی سەرەکیی توێژینەوەکە بخرێتە ڕوو.

**٢. ئامانجی توێژینەوەکە**

هەر توێژینەوەیەکی زانستی چەند ئامانج و مەبەستێك لە پشت ئەنجامدانیەوە هەیە، کە دەیەوێ لە میانەی ڕێکارەکانی توێژینەوەکەدا بە دەستیان بهێنێ، ئەمەش گرنگی و بایەخی توێژینەوە دەردەخات لە زیادکردنی مەعریفەی زانستی تیۆری و پراکتیکی بۆ کۆمەڵگە و ژیانی مرۆڤایەتی، بۆیە ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە: زانینی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییانەی بەهۆی ڕەوشی گواستنەوەی گشتی دروست بوونە، هەروەها چەند ئامانجێکی لاوەکییش لەخۆ دەگرێت وەک:

a. زانینی زۆربوونی ڕووداوەکانی هاتوچۆ و زەرەر و زیانەکانی.
b. زانینی هۆکاری زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل و بوونی جەنجاڵی و قەرەباڵغی زۆر لە شەقام و ڕێگاوبانەکان.
c. زانینی گرنگی گواستنەوە بۆ ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و کۆمەڵگە.
d. زانینی ئەوەی ئایا پیسبوونی ژینگەی شارەکان پەیوەندیی بەخراپیی ڕەوشی گواستنەوەی گشتی هەیە؟
e. یان هەبوونی خواستی زۆر لەسەر سوتەمەنی پەیوەندیی بە ڕەوشی گواستنەوەی گشتی هەیە؟

**٣. گرنگیی توێژینەوەکە**

هەر هەوڵ و کارێکی زانستی کە ئەنجام دەدرێت گرنگی و بایەخی خۆی هەیە بە تایبەت لە دەرئەنجامی کۆتاییی کارەکەیدا گرنگی خۆی زیاتر بەدەردەخات، ئەم توێژینەوەیش لە دوو لایەنی جوداوە گرنگیی خۆی هەیە ئەوانیش: لایەنی تیۆری، کە دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونێکی زانیاری لەسەر

بابـەتی توێژینـەوە، هەروەهـا بەهـۆی کەمیـی توێژینـەوە لەسـەر گواستنەوەی گشـتی (النقـل العـام)، بەتایبـەت لـە بواری پسـپۆڕی سۆسـیۆلۆجیا بەگشـتی و بەتایبەتـر لـە بواری سۆسـیۆلۆجیای شـار و ڕێکخسـتنی کۆمەڵایەتیـدا، هەروەهـا لـە لایـەنی پراکتیکـی دەکرێـت ئـەو دەرئەنجامانـەی توێژینـەوە زانسـتییەکان پێـی دەگـەن یارمەتیـدەر دەبێـت بـۆ لایـەنی پەیوەندیـدار تاکـو بەرچاوڕوونییەکـی تەواویـان پـێ ببەخشـێ لـە داڕشـتنی پـلانی سـتراتیجیی خزمەتگـوزاری و پێشـکەوتنی کۆمەڵگـە و شـاردا، تاکـو زیاتـر گرنگـی و بایـەخ بـەم بـوارە بـدرێ.

### ٤. میتۆدی توێژینەوەکە

بـــۆ گەیشـــتن بـــۆ وەڵامـــی ئـــەم پرســـە ســـەرەکییانە توێژینەوەکـــە ســـوود لەمیتـــۆدی وەســـفی وەرگیـــراوە و توێژینەوەکـەش دەکەوێتـە چوارچێـوەی توێژینـەوەی وەسـفیی شـیکارییەوە، هەوڵـی ڕاڤـە و شـیکاری بـۆ ڕەوشی گواسـتنەوەی گشـتی و گرنگـی و گرفتـەکانی لـە ڕێـگای سـەرنج و تێبینـی و شـــیکاریی داتـــا و زانیاریـــە بەردەســـتەکان دەدات.

## دووەم: گرنگی پرۆسەی گواستنەوە

### ١. گرنگی کۆمەڵایەتی پرۆسەی گواستنەوە

زۆربـــوونی ژمـــارەی دانیشـــتووانی هەرێمـــی کوردســـتان و نیشـتەجێبوونی زیاتـر لـە نـاو شـارەکان و فراوانبـوونی شـارەکان و دروسـتبوونی چەندیـن گەڕەکـی نـوێ لـە لایـەک، هەروەهـا دروسـتکردنی چەندیـن شـوێنی نیشـتەجێبوونی بـازرگانی بـە نـاوی جیـاواز جیـاواز وەک خانـوو، ڤێـلا و باڵەخانـە.

لەگـەڵ فراوانبـوونی شـار و زۆربـوونی ژمـارەی دانیشـتووان، پێویسـتیی زیاتـر دروسـت دەبێـت لەسـەر خزمەتگوزارییـە جیاوازەکان بەگشـتی و کاری گواستنەوە و هاتوچۆکردن بەتایبەت، وەک پێویسـتیی هاووڵاتییـان بـۆ گواسـتنەوە و هاتوچۆکـردن بـۆ ڕاپەڕانـدنی کاروبـارەکانی ژیـانی ڕۆژانەیـان، گەیشـتنیان بـە شـوێنی کار و خوێنـدن و نەخۆشـخانە و گەشـت و سـەردانی کۆمەڵایـەتی و گەڕانەوەیـان بـۆ ماڵـەوە، بۆیـە بەسـتنەوەی ئـەم ناوچانـە بـە تۆڕێکـی ڕێگاوبانـی هاتوچـۆ، دەبێتـە پێویسـتییەکی سـەرەکی ژیـانی دانیشـتووان. هەروەهـا تـۆڕی ڕێگاوبانـەکان و ئامـرازەکانی گواسـتنەوە، هـۆکاری بەیەکەوەگرێـدانی نێـوان شـارە گـەورەکان و شـار و شـارۆچکە و گوندەکانیشـە، بۆیـە لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە، گواسـتنەوە ڕۆڵ و گرنگیـی خـۆی دەبینـێ لەسـەر ئاسـتی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان و بەهێزکـردنی ئـەو پەیوەندییانـە، لەوانەیـە ئامـرازەکانی گواسـتنەوە ببنـە بنەمـای گۆڕانـکاری و بەرەوپێشـبردنی لایـەنی کۆمەڵایـەتی و جوگرافـی، بـەوەی دەبنـە ئامـرازی پەیوەندی و بەیەکگەیشـتنێکی بـەردەوام لـە نێـوان دانیشـتووانی سـەرجەم ناوچـە جیـاوازەکانی وڵاتێـک، یـان نێـوان وڵاتانیش(شـهلی و لحلـول، ٢٠١٧: ٣٣٩).

هەندێـک لـە توێـژەر و بیرمەندانیـش ئاماژەیـان بـە گرنگـی پرۆسـەی گواسـتنەوە کـردووە، وەک ئـەوەی (کپلینـگ Kipling) دەڵـێ (گواسـتنەوە شارسـتانیەتە_ النقـل هـو الحضـارة)، هەروەهـا (الفریـد مارشـال) ئابووریناسـی ئینگلیـزی دەڵـێ گرنگتریـن شـۆڕشی تەکنەلۆجـی لـە سـەردەمی نوێـدا، شـۆڕشی تەکنەلۆجییـە لـە کـەرتی گواسـتنەوەدا. وەک ئـەوەی لـە کـەرتی گواسـتنەوەی هێڵـی ئاسـنین و شـەمەندەفەر، یـان بەگشـتی لـە گواسـتنەوەی وشـکانی و ئـاوی و ئاسـمانی لـە سـەدەی بیسـتەم ڕووی دا، کـە تاکـو ئێسـتاش بەردەوامـی هەیـە و لـە مێـژووی بیـنرا و زانراویشـدا وێنـەی نەبووە(منصـور،٢٠٠٠: ١٢).

پەیوەندییەکـــی بەهێـــز لـــە نێـــوان چـــڕی و دابەشـــبوونی دانیشـــتووان و تـــۆڕی ڕێگاوبانـــە جیـــاوازەکان هەیـــە. لـــە لایەکـــی تـــرەوە لەگـــەڵ فراوانبـــوونی شـــار و زۆربـــوونی ژمـارەی دانیشـتووان، پێویسـتیی بـەردەوام زیـاد دەکات بـۆ نۆژەنکردنـەوەی تـۆڕی ڕێگاوبانـە ناوخـۆی و دەرەکییـەکان، کردنـەوەی ڕێگاوبـانی دیکـەی هاتوچـۆ و بەسـتنەوەی بـە تـۆڕی هاتوچـۆی گشـتییەوە، لەوانەیـە تـۆڕی ڕێگاوبانـەکان و ئامـرازەکانی گواسـتنەوە پێوەرێـک بـێ بـۆ دیاریکـردنی ئاسـتی پێشـکەوتنی هـەر کۆمەڵگەیـەک، لەبـەر ئـەوەی هۆکارێکـی بنـەڕەتی ژیانـە، بەتایبـەت پێشـکەوتنی کـەرتی گواسـتنەوەی گشـتی و جـۆرە جیـاوازەکانی دەرخـەری سـیمای شـاری پێشـکەوتوون، بەبـێ کار و چالاکیـی پرۆسـەی گواسـتنەوە جووڵـە و گەشەسـەندنی ئابـووری و کۆمەڵایـەتی ڕابوەسـتێ، یـان زۆر لاواز بێ(الشـواورة،٢٠١٣: ٥٠).

دوو توێـژەری دیکـە لـە توێژینەوەکەیانـدا، گواسـتنەوە بـە هەمـوو بـەش و جۆرەکانیـەوە وەک بەشـێک لـە پێکهاتـەی سـەرەکیی کۆمەڵایـەتی و ئابـووری نیشـتمانی دەبینـن، کـە ڕەگەزێکـی سـەرەکییە لـە گەشـەپێدانی ئابـووری و کۆمەڵایـەتی لـە هـەر وڵاتێـک، لەبـەر ئـەوەی پەیوەندییەکـی بەهێـز

و پێکەوەبەستراو لە نێوان گەشەسەندنی ئابووری وڵات و گەشەسەندنی کەرتی گواستنەوەدا هەیە (مصطفى و إلياس، ٢٠١٧: ٨٩). بۆیە لە میانەی سۆراغکردن و خوێندنەوەی توێژینەوە و بابەتە نووسراوەکان لەسەر پرۆسەی گواستنەوە، ئەوەمان لا ڕوون دەبێتەوە، کە وڵاتانی پیشکەوتوو گرنگی زۆر بە تۆڕەکانی ڕێگاوبان و سەرجەم جۆرە جیاوازەکانی گواستنەوەی زەمینی و ئاوی و ئاسمانی دەدەن. هەروەها گواستنەوە ڕۆڵ و بەشداریی خۆی لە تەواوی کەرتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا هەیە، وەک کەرتی پەروەردە، تەندروستی، پیشەسازی و بازرگانی. وەک ئەوەی لە توێژینەوەیەکدا لە ساڵی ٢٠١٧ دابینکردنی ئامرازەکانی گواستنەوە بە هۆکارێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی قوتابییان و خوێنکاران لە زانکۆ دادەنرێت، لە کۆتاییی توێژینەوەکەشدا ئەو ئەنجامە بەدەست هاتووە کە ٨٠٪ ی نموونەی توێژینەوەکە کە لە قوتابییانی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر پێک دێنن، کێشە و گرفتی هاتوچۆیان هەیە، لەکاتی هاتنیان لە ماڵەوە بۆ کۆلێژ و لەکاتی گەڕانەوەشیان بۆ ماڵەوە لە دوای تەواوبوونی کاتی خوێندنیان لە کۆلێژ، ئەمەشیان بە دەرخەری هەبوونی گرفت و کێشەی گواستنەوە لە شاری هەولێر داناوە(حسين و كريم،٢٠١٧: ٥٦...٧٠).

ئەگەر جۆر و ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتیی گونجاو و بەردەست بن بۆ هاووڵاتییان، مەبەست لە گونجاوبوون واتە ئەو ئامرازانەی لە کەرتی گواستنەوەی گشتی بەکار دەهێنرێن، مەرجەکانی ساغی و سەلامەتی و دڵنیایی کۆمەڵایەتی تێدا هەبێت، وەک شێوازی دانیشتنی سەرنشینەکان و کورسییەکان و هەبوونی گەرمی و ساردی و کاتی گەیشتن و دەرچوون دیاریکراو بێت، لەوەیە ببێتە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر باش بۆ کارلێککردن و بەیەکگەیشتنی سەرنشینان لەگەڵ یەکدی.

وەک ئەوەی لە تێزی دکتۆراکەیدا (Thomas 2009: pp 225,226,227) پێی وایە شێوازی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری سەرنشین ڕۆڵی لە دروستکردنی کارلێکی کۆمەڵایەتی و نزیکبوونەوەیان لە یەکدی هەیە، یان بەپێچەوانەوە دوورکەوتنەوە و چوونە بارودۆخێکی خۆپارێزی و بەرگریکارانەوە، لە لایەکی ترەوە جەنجاڵی و نەبوونی ژینگەیەکی خاوێن و تەندروست لە ناو ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتیدا، دەبێتە هۆکاری لە یەک دورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتیی سەرنشینان لە یەکتر و دروست نەبوونی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە نێوانیان.

**٢. گرنگیی ئابووری پرۆسەی گواستنەوە**

کار و چالاکییەکانی پرۆسەی گواستنەوە، بایەخ و گرنگی خۆی لە سەرجەم بوار و کەرتە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و سیستەمەکانی بونیادی کۆمەڵایەتیدا هەیە، گرنگیی گواستنەوە لە بواری ئابووری، چەندین لایەن و بواری جیاواز لەخۆ دەگرێت، وەک بوارەکانی کشتوکاڵ، بازرگانی، پیشەسازی، گەشتوگوزار، پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و بازاڕ و کردەی کڕین و فرۆشتن. لە چەند لایەنێکەوە گواستنەوە کاریگەری لەسەر سیستەمی ئابووری هەیە، لەبەر ئەوەی گواستنەوە پێویستییەکی سەرەکییە بۆ گواستنەوەی کەرەستەی خاو بۆ کارگەکانی بەرهەمهێنان، لە دوای تەواوبونی پرۆسەی بەرهەمهێنانیش گواستنەوەی کاڵاکان بۆ بازارەکان و خستنەڕوویان، لە لایەکی دیکەوە بوونی تۆری ڕێگاوبان و ئامرازە جیاوازەکانی گواستنەوەی گشتی، دەبنە هۆکاری بەنرخکردنی زەوی و زار، ئەمەش وا دەکات سەرنجی وەبەرهێنەران بەل ای خۆیدا کێش بکات و ببێتە هۆی هێنانە کایەی پرۆسەی بەرهەمهێنان و ئەنجامدانی پرۆژەی جیاواز لەو ناوچانەدا، هەروەها بە تێروانینی بەشێک لە توێژەرانی بواری گواستنەوە، فراوانبوونی ڕووبەری بازارەکان بە بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی گواستنەوە، هۆکارێکە بۆ گەشەسەندنی سیستەمی وەبەرهێنان (رسول،١٩٨١:١٧,١٨). زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی شارەکان وا دەکات، پەرەپێدانی کەرتی گواستنەوەی گشتی و تۆڕی ڕێگاوبانەکانی هاتوچۆکردن ببێتە پێویستییەکی سەرەکی، لەبەر ئەوەی ئامرازەکانی گواستنەوە و تۆری ڕێگاوبانەکان هۆکاری بەیەکەوەگرێدانی ناوچە جیاوازەکانی هەر وڵاتێکن، ئەو ناوچانە چی شوێنی نیشتەجێبوونی هاووڵاتییان بێ یان ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی بێت، کەواتە زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان ڕێژەی هاتوچۆکردن و بەکارهێنانی ڕێگاوبان و ئامرازەکانی گواستنەوەش بەرز دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی هاووڵاتییان

بەردەوام سوود لە ئامرازەکانی گواستنەوە وەردەگرن بۆ گەیشتن بە شوێنی کار و پیشەکانیان یان هەر جێگەیەک کە مەبەستیان بێت(محمد،٢٠٠٣: ٩٠).

لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (النقل وأهمیته فی التنمیة الاقتصادیة المستدامة - گواستنەوە و گرنگییەکەی لە گەشەپێدانی ئابووری نەبڕاوە) کەرتی گواستنەوە بە گرنگترین کەرتی خزمەتگوزاری دانراوە کە بەشداریی جیاوازی لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی سیستەمی ئابووری و پیشەسازیدا هەیە، لەبەر ئەوەی ئامرازێکی پراکتیکییە، ڕۆڵی لە پێکەوە گرێدانی ناوچە جوگرافییە جیاوازەکان هەیە، هەروەها گەیاندنی دەستی کار و کەرەستەی خاوە بۆ شوێنی کار و بەرهەمهێنان و دووبارە گەیاندنی کاڵا بەرهەمهاتووەکانە بۆ بازارەکانی کرین و فرۆشتن، بە پاڵپشتیکردن لە لایەن حکومەتەوە بۆ کەمکردنەوەی لایەنە خراپەکانی پرۆسەی گواستنەوە دەبێتە پاڵپشتییەکی زۆر باش بۆ گەشەسەندنی سیستەمی ئابووری و پیشەسازی و بازرگانی(فارس و زکریا، ٢٠١٥: ١٤٠). ئەگەر ئامرازەکانی کاری گواستنەوە نەبوونایە، ئەوە پرۆسەی تەواوکاری گەیاندنی کەرەستەی خاو و دواتر بەرهەمهێنانی کاڵا جیاوازەکان و دوبارەگەیاندنی بە بازارەکانی کار ڕووی نەدەدا، کەواتە زیادبوونی بەرهەمی پیشەسازییش ڕادەوەستا و بەرهەمهێنانی کاڵاکانیش بێسوود دەبوون، کەواتە کاری بازرگانی و پیشەسازی تەواوکەری یەکترین و هەردوولاشیان پشت بە پرۆسەی گواستنەوە دەبەستن (ناکس،٢٠١٥: ٤).

**٣. گرنگیی سیاسی پرۆسەی گواستنەوە**

لە مێژووی کەلەپووری بە جێماوی شارستانیەتدا، دەوڵەتێک بە بەهێز دانراوە، کە ئەو دەوڵەتەیە توانای قەڵەمڕەوی و توانا و دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی تەواوی بەسەر ناوچە و سنووری وڵاتەکەیدا هەبووبێ، ئەم باڵادەستییەش بەبێ بوونی تۆڕێکی پێکەوە بەستراوی ڕێگاوبانی هاتوچۆ و ئامرازەکانی گواستنەوە لەوەیە بەدیهێنانی زۆر ئەستەم بێ. پەرەسەندن و پێشکەوتنی کەرتی گواستنەوە و تۆڕی ڕێگاوبانەکان، بەیەکەوەگرێدان و بەیەکگەیشتنی ناوچەکانی وڵات بەدی دەهێنێ، ناوچەکەکانی وڵات دوور دەکاتەوە لەیەک دابران، بۆیە هەمیشە دەسەڵاتی سیاسی هەوڵی بەستنەوەی سەرجەم هەرێم و ناوچەکانی وڵاتی بە سەنتەر و پایتەختی وڵاتەکە داوە، گواستنەوە هۆکارێکی گرنگە بۆ هەژموون و دەسەڵاتی سیاسی بەسەر ناوچە و سنووری دەوڵەتدا و پاراستنی یەک پارچەیی نیشتمان، بۆ نموونە کاتی خۆی یەکێتیی سۆڤیەت، هێڵی شەمەندەفەری دامەزراند، بۆ بەستنەوەی بەندەری(فیلاد یفوستوک) لەسەر زەریای هێمن بۆ مۆسکۆ، ئەمەش نیشانەی بەستنەوەی دوورترین بەشەکانی وڵاتێک بوو بە ناوەندەکەیەوە، هەروەها درێژبوونەوەی هێڵی شەمەندەفەر لە ڕۆژهەڵاتیەوە بۆ ڕۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هێمای هێز و دەسەڵاتی دەوڵەتە بەسەر سنووری وڵاتەکەدا (غالب، ١٩٨٧: ٥٠,٥١). لەگەڵ ئەوەی کەرتی گواستنەوە یارمەتیدەرە بۆ بەستنەوەی هەموو بەشەکانی سنووری جوگرافیای وڵاتێک، یارمەتی سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتیش دەدات بەسەر هەموو سنووری جوگرافی وڵاتدا، لەلایەکی دیکەوە کەرتی گواستنەوە، ڕۆڵی لە بواری بەرگری و پاراستنی هەموو ناوچەکانی چوارچێوەی سنووری جوگرافی هەر ڵاتێک هەیە، بەتایبەت لەکاتی بوونی مەترسی و هێرشی داگیرکاری، وەک ئەوەی لە مێژووی کۆنیشدا هەبووە، بۆ نموونە لە سەدەی (٦ پ. ز) ئیمپراتۆریەتی فارس لە میسرەوە بۆ ئاسیای بچووک تا دەگاتە ڕووباری سند لە هند پەلی هاویشتبوو، ڕێگای مەلەکی بۆ بەیەکەوەگرێدانی شاری سوسی پایتەخت بە کەناراوەکانی دەریای ئیجە بنیاد نا، درێژی ئەم ڕێگایە (٢٥٠٠ کم) بوو، هەروەها ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بۆ فراوانخوازی و هێرشەکانی، پەرەی بە فراوانکردنی تۆڕی ڕێگاوبانەکان داوە، بە مەبەستی ئاسانکاریی هاتوچۆی هێزە سەربازییەکان (رسول،١٩٨١: ١٩). بۆیە نەبوونی تۆڕی ڕێگاوبانی گواستنەوە و هاتوچۆکردن، هۆکارێکە بۆ لاوازیی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت و پێچەوانەکەشی دروستە، وەک ئەوەی بیرمەندی ئینگلیزی (ولیم بیتی) پێی وایە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی بەیەکەوەگرێدانی ناوچە جیاوازەکانی سنووری جوگرافی هەر وڵاتێک بوونی تۆڕی ڕێگاوبانی هاتوچۆیە، هەروەها بەهۆی نەبوونی تۆڕی ڕێگاوبانی هاتوچۆکردن کەساسی و قەتیسبوونی ئابووری (الرکود الاقتصادی) یش دروست دەبێت(السامرائی و فضیل،١٩٩٠: ٢٩).

سێیەم: گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی ڕەوشی گواستنەوەی گشتی

١. زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، ساڵ لە دوای ساڵ، خواست لەسەر بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل زیادی کردووە، بۆیە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل، بەردەوام بە دیزاینی تازە و جیاواز، لە بازارەکانی جیهاندا پێشبڕکێ لەسەر زۆرترین فرۆش و خواست دەکەن، بەردەوام ژمارەیەکی زیاتر دەخەنە بازاڕەوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (١). لە سەردەمی نوێدا کەرتی پیشەسازیی ئۆتۆمبێل گەشەسەندێکی گەورەی بەخۆوە دیوە، بە هۆی زۆربوونی داواکاریی بەردەوام لەسەر ئۆتۆمبێل لە لایەن خەڵکەوە و، داهێنان و دیزانی نوێ و بەردەوامی کۆمپانیاکانی پیشەسازیی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلیش لە لایەکی دیکەوە. بۆیە وەک دەبینرێ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ئۆتۆمبێل لە جیهاندا لە زیادبووندایە و پیشبینی ئەوە دەکرێ تاکو ساڵی (٢٠٣٠) ژمارەی ئۆتۆمبێل بگاتە ١,٥ ملیار لە جیهاندا (Merz, ٢٠١٧:p٨). لەوانەیە هەموو کەسێک حەز بەوە بکات کە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆی هەبێت، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، هەرچەندە لەوەیە هۆکارەکانیش بەپێی جیاوازیی کات و شوێن جیاواز بن و گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، هەروەها خاوەندارێتیکردن و بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل ساناترە، بە بەراورد بە ئامرازەکانی دیکەی گواستنەوەی گشتی، ئازادییەکی زیاتر دەبەخشێ بە تاک لەکاتی بەکارهێنان و سوود لێوەرگرتنیدا، بۆیە خەڵک زیاتر چێژ لەبەکارهینانی ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان وەردەگرن لە چاو ئامرازەکانی دیکەی گواستنەوەی گشتی، لەبەر ئەوەی کەس ناچار ناکات پەیوەست بێ بەکات و شوێنێکی دیاریکراو لە کاتی بەکارهێنانیدا، وەک چوونە سەر کار و ئەنجامدانی گەشت و هاتوچۆکردنی ڕۆژانە (بات،٢٠١٢: ٢٦).

بەڵام پشت بەستنی زۆر بە ئۆتۆمبێلی تایبەت بۆ کاروبارەکانی هاتوچۆکردن لە ژیانی ڕۆژانەدا، کاریگەری و تێچووی زۆری خۆی دەبێ، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەییەوە، لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە بەکارهێنەران لەکاتی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیاندا زیاتر هەست بە ئاسودەیی بکەن بە بەراورد بە ئامرازەکانی تری گواستنەوەی گشتی، بەڵام ئەمە تێچوویەکی زۆر و بارگرانیەکی زۆر لەسەر هاووڵاتییان و حکومەتەکانیش دروست دەکات. بۆ نموونە لە ڕووی ئابوورییەوە، وەک بەکارهێنانی سەرچاوەی سروشتی و گۆڕینی ماددەی خاو بۆ سووتەمەنی، ئەویش بۆ دابینکردنی وزە بۆ جووڵەی ئۆتۆمبێلەکان، هەروەها دابینکردنی زەوی و پانتاییەکی زۆر بۆ ڕێگاوبان، یان کردنەوە و زیادکرنی ڕێگەوبانی نوێ و نۆژەنکردنەوەی سالآنەی ڕێگاوبانەکان، تەرخانکردنی شوێن بۆ وەستانی ئۆتۆمبێل، زۆربوونی جەنجاڵی لە شەقام و ڕێگاوبانەکان، زۆربونی ڕووداوەکانی هاتوچۆ و قوربانییەکانی، کەواتە مەترسی لە شەقام و ڕێگەوبانەکان لەسەر گیانی هاووڵاتییان و شۆفێرانیش زیاتر دەبێ، دواتر بەکارهێنانی ڕۆژانەی ئەم ڕێژە زۆرەی ئۆتۆمبێل کە بە سووتەمەنی جیاواز کاردەکەن پیسبوونی ژینگەی لێدەکەوێتەوە (Litman and Laube,2002:pp17-18).

لەوەیە کۆمەڵێ هۆکاری جیاواز بووبێتنە هۆی زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە جیهاندا بەگشتی و لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، وەک لاوازبوون یان خراپیی ڕەوشی گواستنەوەی گشتی، پیشکەوتن و پەرەسەندنی لایەنی ئابووری و پیشەسازی و بەرزبونەوەی داهات، زۆربونی ژمارەی دانیشتووان، ئاسانی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل و حەز و خوولیای بەکارهێنەران بۆ خاوەندارییەتی تایبەتی بۆ ئۆتۆمبێلی خۆیان، بەڵام لەوانەیە ئەم هۆکارانە بەپێی جیاوازیی کات و شوێن و لە وڵات و کۆمەڵگەیەکەوە بۆ وڵات و کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاواز بێت و گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئەویش بەپێی ئەو هەلومەرج و ڕەوش و بارودۆخە جیاوازەی خەڵک تیایدا دەژین، لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش سالآنە ژمارەی ئۆتۆمبێل لە زۆربووندایە. بۆ نموونە لە ساڵی (١٩٠٨) یەکەم ئۆتۆمبێل هێنراوەتە عێراق، بەڵام لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهاندا ژمارەی ئۆتۆمبێل ڕوو لە زیادبوون دەکات، تاکو لە ساڵی(١٩١٦) ژمارەی ئۆتۆمبیل لە عێراق بەرز دەبێتەوە بۆ (١٨٠٠) ئۆتۆمبیل(سعید،٢٠٠٣: ١٦). لە ئیستادا ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان زۆر زیادیان کردووە بۆ نموونە ئەگەر ئاماری ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان بۆ چەند ساڵێک بخەینە ڕوو بەپێی ئەو ئامارەی بەردەست توێژەر کەوتووە لە هەرێمی کوردستان. بڕوانە خشتەی(١).

خشتەی (١): ژمارەی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی (٢٠١٠ تاکو ٢٠٢٢).

| ساڵ | ها. گشتی | ها. هەولێر | ها. سلێمانی | ها. دهۆک | ها. گەرمیان | ها. سۆران | ها. ڕاپەڕین | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٠ | ١٥٢١٨ | ٣٩٥٢٦٤ | ٢٤٩٤٠٠ | ١٦٥٤٣٤ | ٠ | ٣٠٣٥ | ٠ | ٨٢٨٣٥١ |
| ٢٠١١ | ١٧٧٥٨ | ٤٧٢٣٤٨ | ٢٨٥٠٨٩ | ١٨٦٩٩٨ | ٠ | ٣٠٤٥ | ٠ | ٩٦٥٢٣٨ |
| ٢٠١٢ | ٢٠٤٥٢ | ٥٢٧٤٦٧ | ٣٣٩٤٦٦ | ٢٠٤٩٧١ | ٠ | ٣٠٤٥ | ٠ | ١٠٩٥٤٠١ |
| ٢٠١٣ | ٢٢٩٤٠ | ٥٥٨٤٨٨ | ٣٧٦١٢٣ | ٢١٣٣٧٦ | ٠ | ٣٠٤٥ | ٠ | ١١٦٣٩٢٧ |
| ٢٠١٤ | ٢٦٣١٦ | ٦٠٨٩٢٥ | ٤١٩٦٥٢ | ٢٢٣٣٩١ | ٠ | ٣٠٤٥ | ٠ | ١٢٨١٣٢٩ |
| ٢٠١٥ | ٢٧٤٨٨ | ٦٤٣١٢١ | ٤٤٧١١٥ | ٢٢٩٣٥٦ | ٠ | ٣٠٤٥ | ٠ | ١٣٥٠١٢٥ |
| ٢٠١٦ | ٢٨١٢٤ | ٦٦١٦٤٥ | ٤٥٩٢٦٥ | ٢٣٩٨٠٣ | ٧٢ | ٣٠٤٥ | ٠ | ١٣٩١٩٤٥ |
| ٢٠١٧ | ٢٨٥٣٧ | ٧٠٥٣٩٦ | ٤٨٣٠٨٩ | ٢٤٨١٧٨ | ١٦٢٤ | ٣٠٦٣ | ٠ | ١٤٦٩٨٨٧ |
| ٢٠١٨ | ٢٨٨١٩ | ٧٧٣١٦١ | ٥٢٤٣٤٩ | ٢٥٨٥٩٥ | ١٦٢٤ | ٣٠٦٣ | ٠ | ١٥٨٩٦١١ |
| ٢٠١٩ | ٢٩٣٥٠ | ٨٦٨٠١٣ | ٥٧٧٩١٠ | ٢٦٢٨٥٥ | ١٦٢٤ | ٣٠٦٣ | ٠ | ١٧٤٢٨١٥ |
| ٢٠٢٠ | ٢٩٣٨١ | ٩٢٤٩٧٦ | ٦٠٦٠٦٩ | ٢٧٣٩١٧ | ١٦٢٤ | ٣٠٦٢ | ٠ | ١٨٣٩٥٠٦ |
| ٢٠٢١ | ٣٠٤٠٢ | ٩٨٥١٣١ | ٦٣٢٦٢٦ | ٢٨٣٤٠٣ | ١٦٢٤ | ٣٠٦٢ | ٠ | ١٩٣٦٢٤٨ |
| ٢٠٢٢ | ٣٠٧٢٠ | ١٠٦٠١٧٣ | ٦٦٩٥٧٢ | ٣٠٣٣٥٥ | ١٦٢٤ | ٣٠٦٢ | ٠ | ٢٠٦٨٤٨٦ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاتوچۆی هەرێم،٢٠٢٢. بڵاونەکراوە.

بەپێی ئەو ئامارەی کە لە خشتەی (١)دا هاتووە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠١٠ تاکو ساڵی ٢٠٢٢ ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی ئۆتۆمبێل ڕوو لە زیاد بوون و هەڵکشانە، لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل ساڵانە ژمارەی دانیشتووانیش لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە، بەڵام هەندێک ساڵ زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان لە زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی دانیشتووان زیاتر بووە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە تاکو بزانین بە چەند کەس لە هەرێمی کوردستان ئۆتۆمبێلێکی بەردەکەوێت هەروەها زۆربوونی ژمارەی ساڵانەی دانیشتووان و ئۆتۆمبێل چەندە پێویستمان بە ئاماری ژمارەی دانیشتووان دەبێت.

خشتەی (٢) کۆی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان و رێژەی ئۆتۆمبێل لە ساڵی (٢٠١٠ بۆ ٢٠٢٢).

| ساڵ | ژمارەی دانیشتووان | ژمارەی ئۆتۆمبێل | ژمارەی ئۆتۆمبێل بۆ هەزار کەس |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٠ | ٤٧٩٣٢٩٢ | ٨٢٨٣٥١ | ١٧٣ |
| ٢٠١١ | ٤٩٢٥٦٢٩ | ٩٦٥٢٣٨ | ١٩٦ |
| ٢٠١٢ | ٥٠٥٩٠١٠ | ١٠٩٥٤٠١ | ٢١٧ |
| ٢٠١٣ | ٥١٩٤٧٣٢ | ١١٦٣٩٢٧ | ٢٢٤ |
| ٢٠١٤ | ٥٣٣٢٦٠٠ | ١٢٨١٣٢٩ | ٢٤٠ |
| ٢٠١٥ | ٥٤٧٢٤٣٦ | ١٣٥٠١٢٥ | ٢٤٧ |
| ٢٠١٦ | ٥٦١٤٠٧٠ | ١٣٩١٩٤٥ | ٢٤٨ |
| ٢٠١٧ | ٥٧٥٥٠٤٣ | ١٤٦٩٨٨٧ | ٢٥٥ |
| ٢٠١٨ | ٥٨٩٥٠٥٢ | ١٥٨٩٦١١ | ٢٧١ |
| ٢٠١٩ | ٦٠٣٣٨١٤ | ١٧٤٢٨١٥ | ٢٨٩ |
| ٢٠٢٠ | ٦١٧١٠٨٣ | ١٨٣٩٥٠٦ | ٢٩٨ |
| ٢٠٢١ | ٦٢٩٨٥٢٤ | ١٩٣٦٢٤٨ | ٣٠٧ |
| ٢٠٢٢ | ٦٤٢٧٣٣٨ | ٢٠٦٨٤٨٦ | ٣٢٢ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ٢٠٢٢. و داتای خشتەی ١، بڵاونەکراوە.

لە ساڵی ٢٠١٠ ژمارەی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستانی عێراق بریتی بووە لە (٨٢٨٣٥١) ئۆتۆمبێل، ژمارەی دانیشتووان لە هەمان ساڵدا (٤٧٩٣٢٩٢) کەس بووە، کەواتە بۆ ساڵی ٢٠١٠ لە هەرێمی کوردستان بۆ هەر (١٠٠٠) نەفەرێک (١٧٣) ئۆتۆمبێلیان بەرکەوتووە.

بۆ ساڵی ٢٠١١ ژمارەکە بەرزبۆتەوە بۆ هەر (١٠٠٠) نەفەرێک (١٩٦) ئۆتۆمبێلیان بەرکەوتووە، کەواتە لەم ساڵەدا بۆ هەر هەزار نەفەرێک ٢٣ ئۆتۆمبێل زیادی کردووە بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٠، کۆی زیادەی ساڵانەی ئۆتۆمبێل لە ساڵی ٢٠١١ بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٠ بریتی بووە لە (١٣٦٨٨٧) ئۆتۆمبێل، بەڵام زۆربونی ژمارەی دانیشتووان بۆ ساڵی ٢٠١١ بریتی بووە لە (١٣٢٣٣٧) کەس، کەواتە زیادەی ساڵانەی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان زیاتر بووە لە زۆربوونی ساڵانەی ژمارەی دانیشتووان لە هەمان ساڵدا.

لەساڵی ٢٠١٢ بۆ (١٠٠٠) کەس (٢١٧) ئۆتۆمبێلیان بەردەکەوێت لەم ساڵەدا بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١١ ئەوە (١٣٠١٦٣) ئۆتۆمبێل زیادی کردووە لە هەمان کاتدا زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی دانیشتووان بریتی بووە لە (١٣٣٣٨١) کەس، کەواتە لەم ساڵەدا بۆ هەر هەزار نەفەرێک ٢١ ئۆتۆمبێل زیادی کردووە بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١١.

بۆ ساڵی ٢٠١٣ بۆ هەر (١٠٠٠) نەفەرێک ئەوە (٢٢٤) ئۆتۆمبێلیان بەردەکەوێت لەم ساڵەدا بری (٦٨٥٢٦) ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە بە بەراورد بە کۆی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە ساڵی ٢٠١٢ بەڵام بۆ ساڵی ٢٠١٣ زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی دانیشتووان بریتی بووە لە (١٣٥٧١٣) کەس کەواتە لەم ساڵەدا بۆ هەر هەزار نەفەرێک ٧ ئۆتۆمبێل زیادی کردووە بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٢.

لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ هەر هەزار کەسێک (٢٤٠) ئۆتۆمبێلیان بەردەکەوێت، لەم ساڵەدا بە بەراورد بە ژمارەی ئۆتۆمبێل لە ساڵی ٢٠١٣ ئەوە (١١٧٤٠٢) ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە زیادەی ساڵانەی ژمارەی دانیشتووانیش لە هەرێم بریتی بووە لە (١٣٧٨٧٧) کەس، کەواتە لەم ساڵەدا بۆ هەر هەزار نەفەرێک ١٦ ئۆتۆمبێل زیادی کردووە بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٣.

بۆ ساڵی ٢٠١٥ ئەوە بۆ هەر هەزار نەفەرێک (٢٤٧) ئۆتۆمبێلیان بەردەکەوێت، لەم ساڵەدا (٦٨٧٩٦) ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە زیادەی ساڵانەی ژمارەی دانیشتووانیش لە هەرێم بریتی بووە لە (١٣٩٨٣٦) کەس. کەواتە لەم ساڵەدا بۆ هەر هەزار نەفەرێک ٧ ئۆتۆمبێل زیادی کردووە بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٤.

بۆساڵی ٢٠١٦ بۆ هەر هەزار نەفەرێک (٢٤٨)

ئۆتۆمبێلیان بەردەکەوێت، لەم ساڵەدا (٤١٨٢٠) ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە زیادەی ساڵانەی ژمارەی دانیشتووانیش لە هەرێم بریتی بووە لە (١٤١٦٣٤) کەس. کەواتە لەم ساڵەدا بۆ هەر هەزار نەفەرێک تەنها یەک تۆتۆمبێل زیادی کردووە بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٥.

بۆ ساڵی ٢٠١٧ بۆ هەر هەزار نەفەرێک (٢٥٥) ئۆتۆمبێلیان بەردەکەوێت، لەم ساڵەدا (٧٧٩٤٢) ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە زیادەی ساڵانەی ژمارەی دانیشتووانیش لە هەرێم بریتی بووە لە (١٤٠٩٧٣) کەس. کەواتە لەم ساڵەدا بۆ هەر هەزار نەفەرێک تەنها حەوت تۆتۆمبێل زیادی کردووە بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٦.

بۆساڵی ٢٠١٨ بۆ هەر هەزار نەفەرێک (٢٧١) ئۆتۆمبێلیان بەردەکەوێت، لەم ساڵەدا (١١٩٧٢٤) ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە زیادەی ساڵانەی ژمارەی دانیشتووانیش لە هەرێم بریتی بووە لە (١٤٠٠٠٩) کەس. کەواتە لەم ساڵەدا بۆ هەر هەزار نەفەرێک ١٦ تۆتۆمبێل زیادی کردووە بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٧.

بۆساڵی ٢٠١٩ بۆ هەر هەزار نەفەرێک (٢٨٩) ئۆتۆمبێلیان بەردەکەوێت، لەم ساڵەدا (١٥٣٢٠٤) ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە زیادەی ساڵانەی ژمارەی دانیشتووانیش لە هەرێم بریتی بووە لە (١٣٨٧٦٢) کەس. کەواتە لەم ساڵەدا بۆ هەر هەزار نەفەرێک ١٨ تۆتۆمبێل زیادی کردووە بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٨.

ساڵی ٢٠٢٠ بۆ هەر هەزار نەفەرێک (٢٩٨) ئۆتۆمبێلیان بەردەکەوێت، لەم ساڵەدا (٩٦٦٩١) ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە زیادەی ساڵانەی ژمارەی دانیشتووانیش لە هەرێم بریتی بووە لە (١٣٧٢٦٩) کەس. کەواتە لەم ساڵەدا بۆ هەر هەزار نەفەرێک تەنها ١٠ تۆتۆمبێل زیادی کردووە بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٩.

ژمارەی دانیشتووانی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٢١ بریتییە لە (٦٢٩٨٥٢٤) هەروەها کۆی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە هەرێم بۆ هەمان ساڵ بریتیە لە (١٩٣٦٢٤٨) ئۆتۆمبێل ئەوە بۆ هەر هەزار نەفەرێک (٣٠٧) ئۆتۆمبێلیان بەردەکەوێت، لەم ساڵەدا (٩٦٧٤٢) ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە زیادەی ساڵانەی ژمارەی دانیشتووانیش لە هەرێم بریتی بووە لە (١٢٧٤٤١)کەس. کەواتە لەم ساڵەدا بۆ هەر هەزار نەفەرێک تەنها نۆ تۆتۆمبێل زیادی کردووە بە بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٠.

ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بۆساڵی ٢٠٢٢ بریتییە لە (٦٤٢٧٣٣٨) هەروەها کۆی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە هەرێم بۆ هەمان ساڵ بریتییە لە (٢٠٦٨٤٨٦) ئۆتۆمبێل ئەوە بۆ هەر هەزار نەفەرێک (٣٢٢) ئۆتۆمبێلیان بەردەکەوێت، لەم ساڵەدا (١٣٢٢٣٨) ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە زیادەی ساڵانەی ژمارەی دانیشتووانیش لە هەرێم بریتی بووە لە (١٢٨٨١٤)کەس. کەواتە لەم ساڵەدا بۆ هەر هەزار نەفەرێک تەنها پازدە تۆتۆمبێل زیادی کردووە بە بەراورد بە ساڵی ٢٠٢١. لەسەر بنەمای ئەو ئامارەی لە خشتەی (١) دا هاتووە لە هەرێمی کوردستان ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەی ئۆتۆمبێل لە هەڵکشاندایە، هەرچەندە ژمارەی دانیشتووانیش ساڵ لەدوای ساڵ لە زۆربووندا بوونە بەڵام هەندێک لە ساڵەکان زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان لە زۆربوونی ساڵانەی ژمارەی دانیشتووان زیاترە وەک ساڵەکانی (٢٠١١,٢٠١٩,٢٠٢٢) لە هەندێک لەساڵەکانی دیکەش کەمتر یان نزیکە لە زۆربوونی ساڵانەی ژمارەی دانیشتووان. ئەگەر کۆی ژمارەی دانیشتووان و ژمارەی ئۆتۆمبێل لە تەواوی پارێزگاکانی دیکەی عێراق بێجگە لە هەرێمی کوردستان تەماشا بکەین، رێژەی زیادبوونی ئۆتۆمبێل و دابەشکردنی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان بەسەر ژمارەی دانیشتووان تاکو بزانین ساڵانە بۆ هەزار کەس چەند ئۆتۆمبێلیان بەردەکەوێت، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ڕێژەکە زۆر کەمترە بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەمە بڕوانە خشتەی (٣).

خشتەی (٣) ژمارەی دانیشتووان و ڕێژەی ئۆتۆمبێل لە عێراق بێجگە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٢ بۆ ٢٠٢٠).

| ساڵ | ژمارەی دانیشتووان | ژمارەی ئۆتۆمبێل | ژمارەی ئۆتۆمبێل بۆ هەزار کەس |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٢ | ٢٨٩٤١١٩٧ | ٣٠٤٣٧٧٥ | ١٠٥ |
| ٢٠١٣ | ٢٩٨٠٥٣٦٣ | ٣٤٢٧٥٣٤ | ١١٥ |
| ٢٠١٤ | ٣٠٦٦٧٤٠٤ | ٤٢٣٦٨٥٣ | ١٣٨ |
| ٢٠١٥ | ٢٩٧٤٠١٦٤ | ٤٤٥٥٧٧٢ | ١٥٠ |
| ٢٠١٦ | ٣٠٠٥٥٠٥٣ | ٤٨٨٤٥٢٢ | ١٦٠ |
| ٢٠١٧ | ٣١٣٨٤٤٧٦ | ٥٢٥٧٧٧٩ | ١٦٧ |
| ٢٠١٨ | ٣٢٢٢٩١٣٠ | ٥٤٠٣٦٣٠ | ١٦٨ |
| ٢٠١٩ | ٣٣٠٩٤٠٨٦ | ٥٥١٨٧٥٠ | ١٦٧ |
| ٢٠٢٠ | ٣٣٩٧٩١١٧ | ٥٥٥٩٦٧٩ | ١٦٤ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە داتاکانی جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء ٢٠٢٢.

٢. زۆربوونی ڕووداوەکانی هاتوچۆ

لەسەر بنەمای ئەو داتا و زانیاریيانەی لەسەر زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان لە پێشووتردا باسمان لێوە کرد، بەتايبەت لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە، ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەی ئۆتۆمبێل لە زیادبووندايە، ئەمەش لەوەیە هۆکاری دروستبوونی جەنجاڵییەکی زۆری هاتوچۆ بێ، لە ڕێگاوبانە دەرەکی و شەقامە ناوخۆييەکانی شاردا، هەروەها ئامارەکان ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە، کە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر ڕووداوی هاتوچۆ ڕوو دەدەن و قوربانییەکی زۆری لێ دەکەوێتەوە. لە توێژینەوەیەکدا لەسەر خاڵە گەرمەکانی شوێنی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە شاری هەولێر بەو ئەنجامە گەیشتووە کە لە (٧٤٪) ڕووداوەکانی هاتوچۆ قوربانی مرۆیی لێ دەکەوێتەوە وەک بریندار بوون یان مردن و گیان لەدەستدان (بهالدين،٢٠٢١: ٢٦). ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە ئێستادا لەسەر ئاستی دنیا، بە یەکێک لەو گرفتانە دادەنرێت، کە کاریگەریی دەخاتە سەر بواری پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگە، لەبەر ئەوەی زەرەر و زیانی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لێ دەکەوێتەوە.

چەند توێژەرێک لە هیندستان لە توێژینەوەکەياندا بەو ئەنجامە گەیشتوون، کە هۆکاری ڕووداوەکانی هاتوچۆ جۆراوجۆرن و پەیوەندیدارن بە چەند لایەنێکی جیاوازەوە، وەک لایەنی مرۆیی، ژینگەیی، ئۆتۆمبێل، ڕێگاوبان، کەواتە تەنها ناگەڕێتەوە بۆ لایەنی هەڵە و کەمتەرخەمی شۆفێر، بەڵام ئەوەی گرنگە بەهۆی ئەو دەرئەنجام و زەرەر و زیانە زۆرەی لە ڕووداوەکان دەکەوێتەوە پێویستی بە گرنگپێدانی جددی و خێرا هەیە (Sivaprakash,et al,٢٠١٥: ٢٨١٨٢). تاکو کاریگەری و زیانەکانی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ئابووری کەم بکرێتەوە. لەبەر ئەوەی بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، هەندێک لە ئافرەتان پیاوەکانیان لە دەست دەدەن، منداڵەکان بێ باوک دەمێننەوە، دواتر گرفتی گەورەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، ڕووبەڕووی ئەو خیزانانە دەبێتەوە (علی،٢٠٠٩: ٤٨٥).

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، لە ساڵی ٢٠١٧ ساڵانە ١,٢٥ ملیۆن کەس دەبنە قوربانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ و گیان لە دەست دەدەن (منظمة الصحة العالمية،٢٠١٧: ٤). هەر لەسەر بنەمای ئەو داتا و زانیارییانەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بڵاوی کردۆتەوە لە ئێستادا، ڕووداوەکانی هاتوچۆ بە هۆکاری یەکەمی مردن دادەنرێت لە نێوان دانیشتووانی جیهاندا، بۆ گروپی تەمەنی ١٥ ساڵ بۆ ٢٩ ساڵی، هەروەها ڕێژەی قوربانی گیان لە دەست دانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ ساڵانە بەرز بۆتەوە بۆ ١,٣ ملیۆن کەس (منظمة الصحة العالمية،٢٠ حزيران/يونيو ٢٠٢٢، https://www.who.int/ar/news-room/fact-sheets/detail/road-traffic-injuries).

ڕووداوەکانی هاتوچۆ بە هۆکاری سێیەمی مردن دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهان لە نێوان گروپی تەمەنی ٣٠ ساڵی بۆ ٤٤ ساڵی، ساڵانە نزیکەی ٥٠ ملیۆن کەسی دیکە بریندار و کەمئەندام دەبن لەسەر ئاستی جیهان، بە هۆکاری ڕووداوەکانی هاتوچۆ، تێچوو زەرەر و زیانی ساڵانەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە وڵاتانی جیهانی سێیەم نزیکەی ٦٥ ملیار دۆلارە(المطير،٢٠٠٩: ١٣).

بە سەرنجدان لەو توێژینەوانەی کە لەسەر ڕووداوەکانی

هاتوچۆ ئەنجام دراون، ئەوەمان لا ڕوون دەبێت، کە هۆکارێکە بۆ لەدەستدانی سەرچاوەی سروشتی و هێزی مرۆیی و ئابووری، بۆیە لەوەیە ڕەنگدانەوەی جیاواز لەسەر کۆمەڵگە و ژیانی خەڵک دروست بکات. بەهۆی ئەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی و زەرەر و زیانی مایەکی بە دوای خۆیدا دروست دەکات (بوحارة،٢٠١٧:بدون رقم الصفحة).

خشتەی (٤) ڕووداوەکانی هاتوچۆ و قوربانییەکانی لە هەرێمی کوردستان لە سالانی(٢٠١٠ تاکو ٢٠٢٠).

| ساڵ | ژمارەی ڕووداو | ڕێژەی بریندار | ڕێژەی مردوو |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٠ | ٢٨٤٥ | ٥٧٩١ | ٥٨٤ |
| ٢٠١١ | ٣٧٧٥ | ٥٧٤٢ | ٦٣١ |
| ٢٠١٢ | ٣٤٥٧ | ٥٩٣٩ | ٥٧٢ |
| ٢٠١٣ | ٤٦٦٥ | ١٢٤٣٨ | ٩١١ |
| ٢٠١٤ | ٤٦٥٩ | ١١٨٧٠ | ٧٩١ |
| ٢٠١٥ | ٤٤٨٥ | ١٢٣٥٤ | ٨٥٨ |
| ٢٠١٦ | ٤٤٣٤ | ١١١٨٨ | ٨١٧ |
| ٢٠١٧ | ٤٣٨٥ | ٧٠١٦ | ٦٩٠ |
| ٢٠١٨ | ٤٢٠٨ | ٤٨٤٤ | ٦٥٥ |
| ٢٠١٩ | ٤٤٧٩ | ٦٧٩١ | ٥٧٥ |
| ٢٠٢٠ | ٢٨٩٧ | ٤٧٧٢ | ٤٣٢ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاتوچۆی هەرێم، ٢٠٢٢. بڵاونەکراوە.

لەسەر بنەمای ئەو داتا و زانیارییەی لە خشتەی (٤) دا هاتووە، وا دیارە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییان دەبنە قوربانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، ژمارەیەکی زۆر گیان لەدەست دەدەن و ژمارەیەکی زۆریش بریندار دەبن، ئەمە زەرەر و زیانێکی زۆرە کە ساڵانە لە کۆمەڵگە دەکەوێ، تێچوی خۆی دەبێ لە ڕووی گیانی و ماڵی، کەواتە لەوەیە بتوانین بڵێین کە ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر ژیانی هاووڵاتییان لە چەند لایەنێکی جیاوازی وەک لایەنی کۆمەڵایەتی، تەندروستی جەستەیی و دەروونی، لایەنی ئابووری وەک زەرەر و زیانی دارایی، بۆ ئەو هاووڵاتییانەی دەبنە قوربانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ و حکومەتیش کە دەبێ ساڵانە بودجە تەرخان بکات، بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان و ئەو زیانانەی لە ڕووداوەکان دروست دەبن، هەروەها سەرمایەیەکی زۆر لە هێز و سەرمایەی مرۆیی کۆمەڵگە کەم دەبێتەوە ساڵانە، کەواتە زەرەر و زیانەکانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ هەمە لایەنە، ئاماری ژمارەی ڕووداوەکان و قوربانییەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەوەمان لا ڕوون دەکەنەوە، وەک ئەوە وایە کۆمەڵگە لە جەنگێکی بەردەوامدا بێ، بۆیە ئەم بوارە پێویستی بە گرنگیپێدانی جددی هەیە و پێویستە کاری لەسەر بکرێت، تاکو ساڵانە ئەم زیانە زۆرە لەسەر ژیانی کۆمەڵگە لە هەرێمی کوردستان کەم بکرێتەوە. لە تەواوی پارێزگاکانی تری عێراق ساڵانە ژمارەیەکی زۆر ڕووداوەکانی هاتوچۆ ڕوو دەدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ژمارەی دانیشتووان و پارێزگاکان زۆر زیاترن لە ژمارەی دانیشتووان و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەگەر بەراوردی ژمارەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ و قوربانییەکان بکەین، لە هەرێمی کوردستان بەراورد بە ژمارەی دانیشتووان و ژمارەی پارێزگاکان، ژمارەکان زیاترە.

خشتەی (٥) ڕوودواوەکانی هاتوچۆ و قوربانییەکانی لە پارێزگاکانی عێراق بێجگە لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی (٢٠١١ بۆ ٢٠٢٠).

| ساڵ | ژمارەی ڕووداو | ڕێژەی بریندار | ڕێژەی مردوو |
|---|---|---|---|
| ٢٠١١ | ١٠٠٨٢ | ٢٧٠٣ | ١٠١٩٨ |
| ٢٠١٢ | ١٠٧٠٩ | ٣١٣٢ | ١١٠٠٩ |
| ٢٠١٣ | ٩٧٢٥ | ٢٩٥١ | ١٠٦٤٩ |
| ٢٠١٤ | ٨٨١٤ | ٢٧٦٩ | ٩٢١٠ |
| ٢٠١٥ | ٨٨٣٦ | ٢٥١٤ | ٩٤٢٩ |
| ٢٠١٦ | ٨٧٦٣ | ٢٥٣١ | ٩٠١٦ |
| ٢٠١٧ | ٨٨٢٤ | ٢٦٢١ | ٩٣٨٨ |
| ٢٠١٨ | ٩٨٥٢ | ٢٧٦٧ | ١٠٤٣٩ |
| ٢٠١٩ | ١٠٧٣٥ | ٢٦٣٦ | ١١٦٥١ |
| ٢٠٢٠ | ٨١٨٦ | ٢١٥٢ | ٨٣٨٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە داتاکانی جمهوریة العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، ٢٠٢٢.

لەوەیە چارەسەر تەنها بە هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان و توندکردنی ڕێنمایی و سزاکانی هاتوچۆ نەکرێ، بەڵکو پێویستە پلانێکی ستراتیجی بۆ ئەم بابەتە دابنرێ، لەوانەیە مەترسیی زۆری بۆ سەر ڕۆح و گیان و ماڵ و ژیانی هاووڵاتییان هەبێ، ئەویش لەوەیە لە کاراکردن و گرنگیپێدانی گواستنەوەی گشتی لە هەرێمی کوردستان بەدی بێ، تاکو لەوە زیاتر هاووڵاتییان لەکاروبارەکانی هاتوچۆکردنی ژیانی ڕۆژانەیاندا، بەشێوەیەکی زۆر و بەردەوام، پەنا نەبەن بۆ بەکار هێنانی ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان، کاتێک زۆرینەی هاووڵاتییان لەکاری گواستنەوە و هاتوچۆدا، ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان بەکار دەهێنن، ئەوە ڕێگاوبان و شەقامەکان بارگرانی و جەنجاڵی زۆری لەسەر دروست دەبێ، دواجاریش ڕووداوی زۆری هاتوچۆی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام ئەگەر کەرتی گواستنەوەی گشتی، بە هەمەجۆری خۆیی و کوالێتی و خزمەتگوزارییەکی باش و نرخێکی کەم و گونجاو بەردەست بێ بۆ هاووڵاتییان، ئەوە هاووڵاتییان کەمتر ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان بەکار دەهێنن لەکاری هاتوچۆ و کاروبارەکانی ژیانی ڕۆژانەدا.

لە ماستەرنامەیەکدا لە ساڵی ٢٠١١ لەسەر شاری هەولێر ئەنجام دراوە، لە ڕاسپاردەکانیدا کە لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتووە، ئەوە هاتووە کە پلانی دوور مەودا بۆ چارەسەری ڕووداوەکانی هاتوچۆ، گرنگیدانە بە گواستنەوەی گشتی، خستنەگەڕی پرۆژەی هێڵی شەمەندەفەرە بە هەموو جۆرەکانیەوە، هەروەها کاراکردنی خزمەتگوزاریی پاسی گەورە و بچووک تاکو هاووڵاتییان لە جیاتی ئۆتۆمبێلی تایبەت هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی زیاتر بەکار بهێنن (مصطفى،٢٠١١: ١٠٨...١١٢).

٣. پیس بوونی ژینگە

پیسبوونی ژینگە Environmental pollution دەگەڕێتەوە بۆ هەندێک توخم و ئاوێتەی کیمیایی، کە هاوسەنگی ئاسایی نێوان خاک و ئاووهەوا تێک دەدەن، دواتر دەبێتە هۆی تێکدان و گۆڕینی سیستەمی ئاسایی سروشت و ژیانی زیندەوەران. هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە لەوەیە زۆر و جۆراوجۆر بن. وەک سوتاندنی جۆرەکانی سوتەمەنی لە بەنزین و نەوت و گازی سروشتی و دار و درەخت و خەڵوز و بەرهەمەکانی پترۆکیمیایی (ئەمین،٢٠٠٩: ٧). یان بەهۆکاری سروشتی وەک گڕکانەکان، بەڵام زیاتر بە هۆی ڕەفتارەکانی مرۆڤ و ئەو گۆڕانکارییانەی دروستی کردووە لەسەر زەوی، پیسبوونی ژینگەی لێ دەکەوێتەوە (غيث، بدون سنة الطبع: ١٦٠). ڕەفتارە خراپەکانی مرۆڤ بەرامبەر ژینگە لەوانەیە هۆکاری سەرەکیی پیسبوونی ژینگە بێ، بەڵام لەهەمان کاتدا مرۆڤ خۆشی دەبێتە قوربانی ئەو ڕەفتارانەی خۆی کە دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە.

بەگشتی باس لە هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگەی سروشتی ناکەین، بەڵکو ئەوەی لێرەدا مەبەستە تیشک خستنە سەر بەردەوام زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێلە لە هەرێمی کوردستان، و کاریگەریی ئەم ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێل بۆ سەر ژینگەی هەرێمی کوردستان چییە؟ بە تایبەت لە ناوخۆی شارەکاندا، لەبەر ئەوەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە هەرێمی کوردستان بونیان هەیە و ئەوانەش بەردەوام هاوردە دەکرێن، بەهۆی بەرهەمە نەوتییەکانی وەک بەنزین و گاز یان غازی (LPG) کار دەکەن. لەوەیە لەپاڵ خراپی ڕەوشی گواستنەوەی گشتیدا باشبوونی داهات و بژێوی خەڵکیش ڕۆڵیان هەبوبێ لە زۆربوونی ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا. بێگومان زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل وا دەکات خواست لەسەر کڕین و بەکارهێنانی سوتەمەنی بەرز بێتەوە.

لە توێژینەوەیەکدا کە لە سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان بڵاو کراوەتەوە، گریمانی پێویستی و بەکارهێنانی بەنزین کراوە لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٢ بۆ ٢٠١٤، کە ڕۆژانە چەند ملیۆن لیترێک بەنزین پێویستیی هاووڵاتییانە و بەکاری دەهێنن، بڕوانە خشتەی (٦).

خشتەی (٦) بڕی خواستی بەنزینی خەمڵێنراو بۆ هەفتەیەک لە هەرێمی کوردستان لە ساڵانی (٢٠١٢ بۆ ٢٠١٤).

| ئۆتۆمبێلەکانی بە بەنزین کار دەکەن | ٢٠١٢ لتر/ هەفتە | ٢٠١٣ لتر/ هەفتە | ٢٠١٤ لتر/ هەفتە |
| --- | --- | --- | --- |
| ئۆتۆمبێلی تایبەت | ٢٥٣٦٨٠٥٠ | ٢٩٤٠٤٦٠٠ | ٣١٧٦٨٢٥٠ |
| ئۆتۆمبێلی کرێ | ٧٥٤٩٦٨٠ | ٩١٧٤٧٢٠ | ١٠٢١١١٦٠ |
| ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر(٦٠٪) | ٧٤١٠٣٢٠ | ٨٦٣١٩٩٠ | ٩٤٦٢٣٦٠ |
| ئۆتۆمبێلی ژمارە کاتی | ٦٧٦١٢٥٠ | ٧٧٦١٣٠٠ | ٦٧٥١٦٠٠ |
| ئۆتۆمبێلی میری | ١٠٢٢٦٠٠ | ١١٤٧٠٠٠ | ١٢٣٤٣٠٠ |
| کۆی گشتی | ٤٨١١١٩١٠ | ٥٥١١٩٦١٠ | ٥٩٤٢٧٦٧٠ |

سەرچاوە: (سالح،٢٠١٤: ٦)

وەک ئەوەی لە خشتەی (١)دا هاتووە کۆی ژمارەی ئۆتۆمبێل بۆ ساڵی ٢٠١٢ بریتی بووە لە (١٠٩٥٤٠١) ئۆتۆمبێل، بەپێی خشتەی (٦) بۆ ساڵی ٢٠١٢ هەرێمی کوردستان هەفتانە (٤٨١١١٩١٠) لتر بەنزین خواستی لەسەر بووە، ئەم بڕە بۆ ساڵی ٢٠١٣ بووە بە (٥٥١١٩٦١٠) لتر بەنزین، لەبەرامبەریشدا ژمارەی ئۆتۆمبێلەکانیش زیادیان کردووە بۆ(١١٦٣٩٢٧) ئۆتۆمبێل، بۆ ساڵی ٢٠١٤ ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان بریتی بووە لە(١٢٨١٣٢٩) ئۆتۆمبێل و بڕی خواستی بەنزینی هەفتانەش بریتی بووە لە (٥٩٤٢٧٦٧٠) لتر بەنزین، کەواتە بەراورد بە ساڵی(٢٠١٢, ٢٠١٣) بڕی خواستی بەنزین زیادی کردووە، بەپێی ئەو ئامارەی کە لە خشتەی(١)دا هاتووە بۆ ساڵی ٢٠٢٢ ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان لە هەرێمی کوردستان زیادی کردووە بۆ (٢٠٦٨٤٨٦) ئۆتۆمبێل، سەرنج و پرسیارێک لێرەدا دروست دەبێ، ئەویش ئەوەیە ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان بەراورد بە ساڵی ٢٠١٢ لە ئێستادا زیادی کردووە بۆ دوو ئەوەندە، ئەی ڕێژەی خواستی هەفتانە و ڕۆژانەی بەنزین دەبێ بۆ چەند زیادی کردبێ. بۆ ساڵی ٢٠١٢ بۆ ئەو ڕێژە ئۆتۆمبێلەی لە هەرێمی کوردستان هەبووە بڕی خواستی بەنزینی هەفتانە (٤٨١١١٩١٠) لتر بەنزین بووە، واتە بۆ هەر ڕۆژێکی هەفتە بریتی بووە لە بڕی (٦٨٧٣١٣٠) شەش ملیۆن و هەشت سەد و حەفتاو سێ هەزار و سەد و سی لتر بەنزین خواستی ڕۆژانەی هاووڵاتییان بووە، بەلام خۆ لە ئێستادا ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان بۆ دوو ئەوەندە زیادیان کردوە، کەواتە ئەگەر بەم بەراوردە بێ، لەوانەیە لە ئێستادا هەفتانە بڕی خواستی بەنزین لە هەرێمی کوردستان بریتی بێ لە (٩٦٢٢٣٨٢٠) لتر بەنزین و بۆ هەر ڕۆژێکیش دەکاتە (١٣٧٤٦٢٦٠) سێزدە ملیۆن و حەفت سەد و چل و شەش هەزار و دوو سەد و شەست لتر بەنزین ڕۆژانە خواستی هاووڵاتییانە بۆ بەنزین.

بەهۆی بەردەوامی گەشەکردنی شارنشینی، دروستکردن و بونیادنانی تۆڕی ڕێگاوبانەکانیش زۆر دەبن، هەروەها ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتی و تایبەتیش ژمارەیان بەرز دەبێتەوە، لە ئەنجامدا جەنجاڵی و قورساییەکی زۆر دەکەوێتە سەر شەقام و ڕێگاوبانەکان (العموش و العليمات، ٢٠٠٩: ١٢٤,١٢٥). کەواتە پەیوەندییەکی پێویست و ناچارەکی هەیە لە نێوان مرۆڤ و ژینگەی سروشتیدا (السيد،٢٠١٣: ٧,٨)، بۆیە پارێزگاریکردن لە ژینگە زۆر پێویستە لەبەر ئەوەی هۆکاری مانەوە و بەردەوام بوونی ژیانە، خوای

گەورە زەوی دروست کردوە بۆ خزمەتی مرۆڤ بە چەندین بەخشندەییەوە، وەک کانزا و سەرچاوە سروشتییەکان و گیانلەبەر و ڕووەک و میوەکان، بۆیە ئەستەمە مرۆڤ بەبێ بوونی ئەو بەخشندەییانەی لە ژینگەی سروشتیدا هەیە بتوانێ لەژیان بەردەوام بێ (سلطان و عدلی،٢٠١٣: ١٨٥). لە سەردەمی ئێستادا بەهۆی ڕەفتار و چالاکییەکانی مرۆڤ تاکو دێت دەردانی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن لە هەوادا زیاتر دەبێ، هەروەها ئامارەکان ئەوە دەردەخەن کە ڕێژەی (٧٥٪) ئەوانەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە گیان لە دەست دەدەن، هۆکارەکەی بۆ پیسبوونی هەوا دەگەڕێننەوە (حسن،٢٠١٢: ٧). بەهۆی چالاکییەکانی مرۆڤ وەک پیشەسازی و سوتاندنی وزە و سوتەمەنی، وەک بەنزین و نەوت و گاز لە ماڵ و کارگەکاندا، یان بۆ کارپێکردنی ئامرازەکانی گواستنەوە، دواتر دەبێتە هۆی بڵاوکردنەوەی گازە زیانبەخشەکانی وەک یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن، دووەم ئۆکسیدی کبیریت و مادده هایدرۆکاربۆنییەکان و نایترۆجین و قوڕقۆشم و دروستکردنی تەمی دوکەڵی (حفظی،٢٠٠٤: ٢٢١). گازی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن ژەهراوییە و گاریگەری تا ڕادەی مردن دەڕوا لەسەر ژیانی مرۆڤ و زیندەوەران بەگشتی، ئەم گازە لە سەرەتادا هێرش دەباتە سەر ئاوێتەی هیمۆگلۆبینی خوێن، مەترسییەکە زیاتر دەبێ لەوەی زانراوە ئەم گازە توانای یەکگرتنی لەگەڵ هیمۆگلۆبین(٢٠٠) جار زیاترە بە بەراورد بە توانای یەکگرتنی ئۆکسجین لەگەڵ هیمۆگلۆبین، لەئەنجامی زۆربوونی ئەم کردارە گازی یەکەم ئۆکسیدی کاربون دەبێتە هۆی کەمبونەوەی ڕێژەی ئۆکسجینی جەستە و تاکو دەگاتە حاڵەتی گیان لەدەستدان(ئەمین،٢٠٠٩: ٢٦). تەنها لە کاتژمێرێکدا ئۆتۆمبێلێکی بچووک لەکاتی سوتاندنی بەنزینەکەیدا نزیکەی شەست مەتر سێجا و ئۆتۆمبێلێکی گەورەش بیست مەتر سێجا غاز فڕێ دەدەنە ژینگە و هەواوە (ئەمین،٢٠٠٩: ٩).

٤. بەهەدەردانی سامان و داهات.

خراپیی ڕەوشی گواستنەوەی گشتی لەوانەیە هۆکارێک بێ بۆ بەفیڕۆدانی سامانی تایبەتی و گشتی، مەبەست لە تایبەتی ئەو بارگرانییە داراییەیە کە لەسەر شانی هاووڵاتییان دروست دەبێ، بەهۆی بەردەوام دابینکردنی تێچوویەکی زۆر بۆ کرێی هاتوچۆکردن و ڕاپەراندنی کاروبارەکارەکانی ژیانی ڕۆژانە، لەبەر ئەوەی کاتێک ڕەوشی گواستنەوەی گشتی وەک پێویست نەبێ کەواتە نرخی هاتوچۆش هەرزان نابێ، یان تەرخانکردنی پارەیەکی زۆر بۆ کڕینی ئۆتۆمبێلی تایبەت، هەر ئامرازێکی گواستنەوەی تایبەت بارگرانی خۆی هەیە بۆ سەر شانی هاووڵاتییان، لەگەڵ ئەوەی دەبێ پارەیەکی زۆر تەرخان بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل بکەن، هەروەها بەردەوام دابینکردنی خەرجی بۆ سوتەمەنی و پێداویستییەکانی دیکەی ئۆتۆمبێلەکانیان.

ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەر هاووڵاتیەک مانگانە بڕێکی زۆری داهاتی بۆ تێچووی هاتوچۆکردن و گواستنەوە تەرخان بکات، سەرباری خەواندنی پارەیەکی زۆر کە ئۆتۆمبێلێکی پێ کڕیوە تاکو لە هاتوچۆکردنی ڕۆژانەیدا سوودی لێ وەربگرێ، لەوەیە ئەگەر ڕەوشی خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوەی گشتی لە ئاستێکی باش و بەرزدا بێ بە نرخێکی گونجا و هەرزان و لەلایەن حکومەتەوە پاڵپشتی بکرێ، ئەو کات هاووڵاتییان لە کاروبارەکانی هاتوچۆکردنی ژیانی ڕۆژانەیاندا، لە جیاتی ئەوەی ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان بەکار بهێنن هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی بەکار بهێنن، ئەو کات لەوانەیە پێویست بەوە نەکات هەموو ماڵێک و هەموو کەسێک پەنا بۆ کڕینی ئۆتۆمبێلی تایبەت بەرێ بەتایبەت ئەو کەسانەی کە وەزیفەیەکی دیاریکراویان هەیە و پێویستە ڕۆژانە بچنە سەر کارەکانیان و دواتر بگەڕێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونیان.

هەروەها لە پێشووتردا لەو داتا و ئامارانەی خستمانە ڕوو، ئەوەمان بۆ دەرکەوت لەگەڵ زۆربوونی ساڵانەی ژمارەی ئۆتۆمبێل ژمارەی ڕووداوەکانی هاتوچۆش زۆر دەبن، هەر ڕووداوێکی هاتوچۆ تێچووی گیانی و ماڵی خۆی هەیە، بۆیە ساڵانە سەرباری ئەو قوربانییە مرۆییانەی وەک برینداربوون و گیان لەدەستدان لە ڕووداوەکانی هاتوچۆ دەکەونەوە، زەرەر و زیانێکی زۆری مایەکییش بەر سەروەت و سامانی هاووڵاتییان دەکەوێ. هەر ڕووداوێکی هاتوچۆ دەرئەنجام و ڕەنگدانەوەی لەسەر سەرنشینان و

خانەوادەکانیان دەبێ، لەوانەیە ئەو کارەسات و زیانەی لە هەر ڕووداوێک دروست دەبێ بۆ ماوەیەکی نزیک، یان دوور کاریگەریی خراپ لەسەر لایەنی مایەکی و مەعنەوی مرۆڤەکان دابنێ.

لەلایەکی ترەوە لەوانەیە خەرجییەکانی حکومەتیش کەمتر بێتەوە بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان یان بەردەوام کرنەوەی ڕێگاوبانی نوێ و ساڵانە تەرخانکردنی بودجەیەکی زۆر بۆ کەرتی گواستنەوە، بەڵام سەرباری ئەو تێچوویە و بارگرانیەی لەسەر شانی حکومەتیش دروستی دەکات نابێتە چارەسەری کۆتای بۆ گرفتەکانی کەرتی گواستنەوە، لەبەر ئەوەی ئەزموونی ژیان و سەرنجدان و تێرامان و وردبوونەوە لە ڕەوشی ڕاستەقینەی ئێستای هەرێمی کوردستان، لەوانەیە ئەوەمان زیاتر بۆ ڕوون بکاتەوە کە بەردەوام ڕێگەدان بە هاتنە ژوورەوەی ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبێل و کردنەوەی ڕێگاوبانی نوێ و نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانە کۆنەکان و هەوڵدان بۆ دابینکردنی سوتەمەنی، چارەسەرێکی کاتی بێ و گرفتە ڕاستەقینەکەش هەر بەدەوامی بێت.

کەواتە سەرەڕای خەواندنی سامانێکی زۆر لە کڕینی ئۆتۆمبێل و زەرەر و زیانە گیانی و ماڵییەکانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ و پیسکردنی ژینگەی سروشتی و دەنگی، لەوانەیە سەرچاوەیەک بێ بۆ دروستکردنی چەندین کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی، بەهۆی جەنجاڵی ڕێگاوبانەکان و ڕووداوەکانی هاتوچۆ و زۆر جاریش بەهۆی ئەو کێشانەی لە نێوان شۆفێران دروست دەبێ لەکاتی وەستان لە نۆرەی وەرگرتنی سوتەمەنیدا.

**چوارەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

دوای ئەوەی ئەو زانیاریانەی لەسەر بابەتی توێژینەوە لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی وەک لایەنی فەرمی و نافەرمی و توێژینەوەکانی پێشوو و سەرچاوە زانستییەکان و هیتر، راڤە و شیکاری و بەراوردکاریان بۆ کرا لە میانەی کاری توێژینەوەکەدا، توێژینەوەکە بەم ئەنجامانە گەیشت.

١. بەردەوام زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل پەیوەندی بە خراپی ڕەوشی گواستنەوەی گشتی هەیە.
٢. هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی تەنها لە جۆری پاس و تەکسی بەردەستە و بەپێی پێویستییەکانی ئێستای هاووڵاتییان نییە.
٣. هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی ناگەنە هەموو شوێنە جیاوازەکانی شار.
٤. خراپیی کەرتی گواستنەوەی گشتی، ڕۆڵی لە بەرزبونەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆدا هەیە.
٥. بەهۆی زۆری ژمارەی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان بەردەوام خواست لەسەر ڕێژەی سوتەمەنی بەکارهاتوو بەرزتر دەبێتەوە.
٦. قوربانییە مایەکی و گیانییەکانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی دروست کردووە وەک: کەمئەندامبوونی مرۆڤەکان و دروستبوونی کێشە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان و بێباوکبوونی منداڵان و لە دەستدانی هاوسەران و دروستبوونی ناکۆکی و شەڕ و کێشە لە نێوان خانەوادەکان و زۆری دیکەش.
٧. زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی شارەکان گرنگی و پێویستیی زیاتری بۆ گواستنەوەی گشتی بەدەرخستووە.

**پێنجەم: پێشنیارەکان:**

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ژمارەیەک پێشنیار خراوەتە ڕوو وەک.

١. پێویستە بە زوویی لایەنی پەیوەندیدار سنوورێک بۆ بەردەوام زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل بگرێتە بەر لە هەرێمی کوردستان.
٢. دامەزراندنی سیستەمێکی گواستنەوەی پێشکەوتوو کە هەموو جۆرە جیاوازەکانی ئامرازەکانی گواستنەوە لەخۆ بگرێت وەک پاس و جۆرەکانی شەمەندەفەر.
٣. گەیاندنی ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتی بە سەرجەم بەشە جیاوازەکانی شار تاکو هەموو هاووڵاتییان بە ئاسانی بتوانن سوود لە هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی وەربگرن.
٤. توندکردنەوەی چاودێری لەسەر جۆری سوتەمەنی هاوردەکراو بۆ هەرێمی کوردستان بە مەبەستی پاراستنی ژینگەی سروشتی و بەهەندوەرگرتنی تەندروستیی هاووڵاتییان..

٥. دانـانی چاودێـری بـە سـەر ئـەو هێڵـە گشـتیانەی لـە ئێسـتادا بەردەسـتن بـۆ هاتوچۆپێکـردنی هاووڵاتیـان.

٦. پاڵپشـتیکردنی هێڵـەکانی گواسـتنەوەی گشـتی لـە لایـەن حکومـەت وەک دابینکـردنی سـوتەمەنی بەکەمـتر لـە نرخـی بـازاڕی ڕەش و گۆڕینـی پاسـە کۆنـەکان بـە پـاسی نـوێ و سـەردەمییانە.

**سەرچاوەکان:**


١. ئەمیـن، عەزیـز ئەحمـەد، (٢٠٠٩). کیمیـای پیسـبوونی ژینگـە، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر.

٢. السـید، عبدالعاطـی، (٢٠١٣). الانسـان والبیئـة، دار المعرفـة الجامعیـة، الإسـکندریة، مـصر.

٣. السـامرائی، احمـد حسـون و فضیـل، عبـد خلیـل، (١٩٩٠). جغرافیة النقـل والتجـارة الدولیـة، دار الحکمـة للطباعـة والنـشر، الموصل.

٤. الشـواورة، علـی سـالم إحمیـدان، (٢٠١٣). جغرافیـة النقـل وتطورها، دار صفـاء للنـشر والتوزیع_عمان.

٥. العمـوش، أحمـد و العلیـمات، حمـود، (٢٠٠٩). المشـکلات الاجتماعیـة، الشرکـة العربیـة المتحـدة للتسـویق والتوریـدات، القاهـرة.

٦. المطیر، عامر بـن نـاصر، (٢٠٠٩). حجـم حـوادث المـرور ومـؤشرات خطورتهـا في دول مجلـس التعـاون لـدول الخلیـج العربیـة إسـتراتیجیة مقترحـة لرفـع مسـتوى السـلامة المروریـة، مجلـس التعـاون لـدول الخلیـج العربیـة.

٧. بـات، احمـد یوسـف، (٢٠١٢). شـبکة النقـل الـبری فـی مدینـه غـزة، رسـالة ماجسـتیر، الجامعـة الإسلامیة_غزة، کلیـة الآداب قسـم الجغرافیـة.

٨. بهالدیـن، سـاکار بهاءالدیـن عبداللـە، (٢٠٢١). تحدیـد البقـع السـاخنة لمواقـع الحـوادث المروریـة فـی مدینـة أربیـل، گۆڤـاری زانکـۆ بـۆ زانسـته مرۆڤایەتیـەکان/ زانکـۆی سـەلاحەدین- هەولێـر، بەرگـی٢٥، ژمـارە٦.

٩. بوحـارة، هنـاء، (٢٠١٧). دراسـة لأسـباب ارتـکاب الحـوادث المروریة دراسـة میدانیـة مـن وجهـة نظـر سـائقي سـیارات الأجـرة، مجلـة دراسـات وأبحـاث المجلـة العربیـة في العلـوم الإنسـانیة والاجتماعیة، العـدد (٢٧) (حزیـران) ٢٠١٧ السـنة التاسـعة، ISSN: ١١١٢-٩٧٥١.

١٠. حسـن، عبدالهـادی، (٢٠١٢). پاراسـتنی ژینگـە لـە پیسـبوون بـە لەناوبـەرە کیمیاییـەکان و باشـترین ڕێـگا چارەرەسـەر بۆیـان، و. گەرمیـان محمـد ئەحمـەد، چوارچـرا، سـلێمانی.

١١. حسـین، جـوان سـعید و کریـم، بفریـن صابـر، (٢٠١٩). محـددات المشـکلة نقـل الطـلاب و أسـبابها فـی مدینـة أربیـل لعـام ٢٠١٧، المجلـة العراقیـة للعلـوم الإقتصادیـة، السـنة السـابعة عـشرة، العـدد ٦٣، لشـهر کانـون الثـانی.

١٢. حفظـی، احسـان، (٢٠٠٤).علـم الاجتـماع التنمیـة، دار المعرفـة الجامعیـة، الإسـکندریة، مـصر.

١٣. جمهوریـة العـراق، (٢٠٢٢). وزارة التخطیـط، الجهـاز المرکـزی للإحصـاء.

١٤. حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان، (٢٠٢٢). وەزارەتی ناوخـۆ، بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتیی هاتوچـۆی هەرێـم.

١٥. حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان، (٢٠٢٢). وەزارەتی پلاندانـان، دەسـتەی ئامـاری هەرێـم

١٦. رسـول، احمـد حبیـب، (١٩٨١). النقـل والتجـارة الدولیـة، مطبعـة الحـوادث، بغـداد.

١٧. سـالح، توانـا فـازل، (٢٠١٤). دیاریکـردنی نرخـی سـوتەمەنی لـە هەرێمـی کوردسـتان و ئاسـتی پاڵپشـتی حکومـەت بـۆ نرخـەکان، سـەنتەری توێژینـەوەی پەرلەمـانی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق.

١٨. سـعید، نادیـة طلعـت، (٢٠٠٣). طـرق السـیارات فـی محافظـة اربیـل- دراسـة فـی جغرافیـه النقـل. رسـالة ماجسـتیر،جامعة صلاح الدیـن، کلیـة الآداب – قسـم الجغرافیـة.

١٩. سـلطان،کمال و عدلی،عصمـت، (٢٠١٣). حقـوق الإنسـان وقضایـا التنمیـة، مکتبـة الوفـاء القانونیـة، الإسـکندریة- مـصر.

٢٠. شـهلی،یزید و لحلول،سـامیة، (٢٠١٧). مسـاهمة النقـل الحـضری الجماعـی فـی تحسـین التنقـلات الیومیـة للأفـراد، مجلـة العلـوم الاجتماعیـة والإنسـانیة/جامعة محمـد بوضیـاف بالمسـیلیة،العدد(١٣)، دیسـمبر.

٢١. علـی، محمـد مصطفـی، (٢٠١١). حـوادث المـرور فـی مدینـة أربیـل، رسـالة ماجسـتیر، جامعـه صـلاح الدیـن، کلیـة الآداب قسـم علـم الاجتـماع.

٢٢. علـی، سـید عبـاس، (٢٠٠٩). حـوادث المـرور بمـصر، Journal of Engineering Sciences, Assiut University, Vol. ٣٧, No. ٢, pp.٤٨٣-٥٠٥, March ٢٠٠٩.

٢٣. غالـب، سـعدی علـی، (١٩٨٧). جغرافیـه النقـل والتجـارة، مدیریـة دار الکتـب للطباعـة والنـشر، الموصـل.

٢٤. غیـث، محمـد عاطـف، (٢٠١٦). قامـوس علـم الاجتـماع، دار المعرفـة الجامعیـة، الاسـکندریة.

٢٥. فـارس، بوباکـور و زکریـاء، عقـاری، (٢٠١٥). النقـل وأهمیـة فـی التنمیـة الاقتصادیـة المسـتدامة، مجلـة العلـوم الإنسـانیة، جامعـة

محمـد خضيـر بسـكرة، العـدد(٤٠)، جوان/حزيـران.

٢٦. محسـن، محمـد كريـم و شـاهين، بهجـت رشـاد، (٢٠١٩). اسـس ومعاييـر تكامـل منظومـات النقـل فـى مراكـز المـدن الكـبرى، مجلـة اتحـاد الجامعـات العربيـة للدراسـات والبحـوث الهندسـية.

٢٧. محمـد، صبـاح محمـود، (٢٠٠٣). المدخـل فـى تخطيـط النقـل الحـضرى، الـوراق للنـشر والتوزيـع، عـمان- الاردن.

٢٨. مصطفـى، بلمقـدم و إليـاس، بـن سـبع، (٢٠١٧). وظيفـة النقـل وأهميتهـا فـى إدارة شـبكة الإمـداد، مجلـة البحـوث الإداريـة والإقتصاديـة، العـدد٢.

٢٩. منصـور، حـمادة فريـد، (٢٠٠٠). مقدمـة فـى اقتصاديـات النقـل، مركـز الإسـكندرية للكتـاب، مـصر.

٣٠. منظمة الصحة العالمية، ٢٠ حزيران/يونيو ٢٠٢٢،

www.who.int/ar/news-room/fact-sheets/detail/road-traffic-injuries.

٣١. ناكـس، دايانـا، (٢٠١٥). شـۆرشی پیشەسـازی، و. ئاگـری ئەفشـین، بـێ نـاوی چاپخانـە.

32. Edited by Rudolf Traub-Merz,(2017). Friedrich Ebert Stiftung

33. Global Policy and Development Hiroshimastr. 28 / D10785- Berlin / Germany.

34. -33 Todd Litman and Felix Laube, (2002). Automobile Dependency and Economic Development, Victoria Transport Policy Institute_ 1250 Rudlin Street, Victoria, BC, V8V 3R7, CANADA, Institute for Science and Technology Policy Murdoch University_ South Street, Murdoch, WA, 6150, AUSTRALIA.

35. -34 Sivaprakash, Palanisamy et al, (2015). A Review on Road Traffic Accident and Related Factors. International Journal of Applied Engineering Research, ISSN 4562-0973 Volume 10, Number 11 2015)) pp. 28183-28177.

36. -35 Thomas, Jared Austin Peter Kay, ( .(2009The Social Envoronement of Public Transport, Doctor of Philosophy in Psychology, Victoria University of Wellington.

## الملخص

المشكلات الاجتماعية للنقل العام فى إقليم كوردستان العراق

دراسة سوسيو تحليلية

يحظى النقل بأهمية بالغة فى مختلف جوانب الحياة اليومية للفرد والمجتمع، كالجانب الاجتماعى والاقتصادى والتربوى والصحى والخدمى. ان سوء قطاع النقل العام يؤدى الى مشاكل عديدة، لذا فإن الهدف الرئيسى لهذا البحث هو تسليط الضوء على أهمية النقل العام والمشاكل التى يعانى منها فى اقليم كوردستان. المنهج المستخدم في هذا البحث هو المنهج الوصفى بطريقة التحليل البيانات الجاهزة، توصل البحث الى عدة نتائج منها علاقة عملية النقل بالأنظمة البنيوية الاخرى للمجتمع وضعف وسائل النقل العام مع ازدياد نسبة سكان المدن، مما دفع بالمواطنين الى شراء السيارات الخاصة، وأدى ذلك الى ازدياد الحوادث وتلوث البيئة.

الكلمات الدالة: النقل، النقل العام، النقل الخاص، المشكلات الاجتماعية.



## Abstract

**Social problems of public transportation in the Kurdistan Region of Iraq**

**Socio-analytical study**

Transport is of great importance in various aspects of the daily life of the individual and society, such as the social, economic, educational, health and service aspects. The poor public transport sector leads to many problems, so the main objective of this research is to highlight the importance of public transport and the problems it suffers from in the Kurdistan Region. The method used in this research is the descriptive method by the method of analyzing ready-made data. The research reached several conclusions, including the relationship of the transportation process with other structural systems of society and the weakness of public transportation with the increase in the percentage of urban population, which prompted citizens to buy private cars, and this led to an increase in accidents and environmental pollution.

**Key words:** transportation, public transportation, private transportation, social problems.